# وەرزش لەسەردەمی رژیمی بەعسدا

فەرمان علی بالەك

بەعس کە سیاسەتەکەی هەر لەسەرەتای درووست بوونیدا لەسەر بنەمای زیندانی کردن و کیمیا باران و کوشتن و تەرحیل و .... هتد درووست کردوە کە لەگەل هیچ یاساو ریسایەکی جیهاندا بەراورد ناکریت ئەو خوی بەو کارانە سەپاند بوو. من بە سیفەتی ئەوەی کە وەك پەیامنیریکی وەرزشی لە سەتەلایتی کوردستان کاردەکەم و لە هەردوو شاری موصل و کەرکوك چەند راپورتیك و دیداریکی وەرزشیم ئامادەکردوو بلاو کرایەوە کومەلیك لە وەرزشکارانی ئەوی باسی کاروو کردەوەکانی ئەو رژیمەیان کرد لەو سەردەمدا تەنها لەیادوو بونەکانی خویاندا چالاکی وەرزشی ئەنجام دەدرا خەلاتی یەکەم و دووەمیش پیش دەسپیکی خول دیاری دەکرا . مەحال بوو یاریزانیکی کورد یان تیپیکی کوردی بەشداری بکات و ریگەی یاری کردنی بە ئازادی پی بدری . هەموو ئەوانەی کەسەرپەرشتیاری وەرزشیش بوون نەك وەرزشکار نەبوونە بەلکوو توپی باسکەو فوتبالیان لەیەك جیا نەکردوتەوە . وەك عودەی کوری سەدام کەئەو کارەی لەئەستو گرتبوو بە دەیان یاریزانیشی لەسەر دوراندن کوشتوەو یان هەندیکیشی هەر بزر کردوون زور سەیرە دوراندنیان قەبوول نەئەکرد!! ئی باشە یاری بردنەوەی هیەو دوراندنو یەکسان بوونیشی هەیە . هەر لەبەر ئوە بوو کە وەرزش لە عیراقدا ئەو سستیەی تیکەوت و زوریش لە یاریزانان ئەو کات عیراقیان جیهیشت . بەلام لە کوردستان دا وەرزش بە شیوازیکی دیکە یە لە دوای راپەرینەوە تاك و ئیستا زور پیشکەوتنی باشی بە خویەوە بینیوە یاریزانی زور باش لە هەموو یاریەکان درووست بوونە کورد ئیستا یاریزانی هەیە مشارەکە لەگەل یاریزانان لە ئاسیاو جیهانیش دەکات . یانەکانی هەولیر ودهوك و زاخو و سلیمانی و ئارارات و برووسك و برایەتی.... هتد بەیەکیك لە یانە بەهیزەکانی عیراق دینە هەژمار . ئومید دەکم و چاوەروانیش دەکریت وەرزش لە عیراقی تازەدا گورانیکی باشی بەسەر دا بی

farmanbalak@yahoo. com